**قاهیرە**

پیرەمێردێکی ڕەشتاڵەی تریاک فرۆش

بەڕۆژ لەسەر بەرماڵ.

بەشەو،

ماڵێکە پڕ لە لەشفرۆش.





**زەمالک**

حیجاب پۆشێکە،

ڕووت

رووت.





## ئەسکەندەرییە

بەسەر لمی
قەراخی دەریای سپییەوە،
شوێن پێ خنجیلەکانی
"سوعاد حوسنی"م بینی..
پڕاو پڕ
لە گژوگیای پرسیار؟





## مەلیک فارووق

بە ئاوازی سەمفۆنیایەکی مۆزارت،
– سامی هادی –
هۆدەی نووستنی مەلیکی خستە سەرپشت.
شاژن و عەشیقە ڕووتەکانی،
بە قەسیدە ئاوریشمینەکانی
دڵشاد عەبدوڵڵا.
خۆیان داپۆشی.

**نەجیب مەحفووز**

بەسەر رانی (خان ئەلخەلیلی)دا،

ڕەشنووسی رۆمانێکە

خەڵەفاو.





**عەبدولحەلیم**

گۆرانییەکی بریندار...
فنجان و قاوەگرەوەی،
تژی کردووە
لە خوێن.





**ئوم کەلسووم**

– با – بەدزییەوە..
لەناو عودەکەی (ریاز ئەلسونباتی)دا،
خۆی مەڵاس داوە.
تا لە ساتەوەختی پشکوتنی ئاوازدا
عەتر بفڕێنێت.

**عادل ئیمام**

لە بەرگەوە بۆ بەرگ
کتێبێکە،
لە شیوەن.





**ئوم کەریم**

هەموو ڕۆژێک،
شوققەی بۆ پاک دەکردینەوە.
ڕۆژێکیشیان،
داوێنی پیس کردین.

## خۆر
## لەناو پەرداخێکی شکاودا

ئەستەمبوڵ ٢٠٠٧

**ی**

بەر لە ئاوابوون، خۆر،
نارنجێک پاگژ دەکات.
پەلکەکانی فڕێ دەداتە،
لێواری تاریکییەوە.





**ه**

باخ،
تیشکە شکاوەکانی خۆرئاوابوون،
دەکاتە بەلەمێکی نارنجی و
پێی دەپەڕێتەوە،
بەر سێبەر.

**ر**

خۆر،
بێ ئەوەی گۆچانێکمان
لە حەیزەرانی ڕووناکی بداتێ
ئاوابوو.





**ی**

هەوڵ دەدەم پرچی نیگەرانیی خۆر،
بە قردێلەی ئارامیی پەپوولەیەک
گرێ بدەم.



**ڤ**

هەوڵ دەدەم چلێک ڕووناکی،
لە لقی خۆر بکەمەوە و
بیدەم لە بەرۆکی شەو.





## آ

هەوڵ دەدەم،

خۆری هەتاوبردووی هاوینە

قایل کەم،

بێتە ژێر سێبەری کەپرێک.





**ن**

خۆر،
لەناو پەرداخێکی شکاودا
بە گەسکی تریفە
قژی دارڕژاوی
خڕ دەکاتەوە.





## لەناو لەپی دەستی چەپمدا
## ڕووبارێک لە ڕەنگ!

أ

لە بنی دنیاوە شاعیرەکان دێن
لە حەرفە ڕژاوەکانی بەر پێتا
شیعر دەهۆننەوە.

**ب**

لەبنی دنیاوە، موزیکژەنەکان دێن
ژێی دەنگی تۆ،
لە تارەکانیان دەبەستن.





**ج**

لەبنی دنیاوە، باخەوانەکانی دێن
لە ڕەنگی لێوی تۆ،
باخەکانیان گوڵباران دەکەن.

**د**

لە بنی دنیاوە، مەیفرۆشەکان  دێن
لە چاوە مەستەکانی تۆدا،
گۆزەکانیان پڕ دەکەن.





**هـ**

پرچت شەوبایەکی خوداییە
تژی لە ئیمان.
دڵم خاڵی دەکاتەوە
لە مێژووی هەموو ژنێک.





**و**

بەسروەی هەناسەت
گەڵاکانی عومرم،
لە گەزۆی ماچی هەموو ژنێک
داتەکێنە.



**ز**

رۆحم،

لە عەتری هەموو ژنێک

بەتاڵ کەرەوە.

پڕم کە لە خۆت.

پڕم کە لە رەنگی زەردەخەنەت.

بە شەستەبارانی جوانیت تەڕم کە.

بمکە بە پۆشاکێک لە ئاو و

لە باڵاتم بئاڵێنە.





ح

بالاّت،

درێژترین رووباری هەنگوینە

من لە قەراخیدا هەمیشە

تالّترین درەختم.





**دووش**

کۆیە: ٢٠٠٧

**د**

خۆر بە مانگی گوت:

من دەنووم..

لێ گەڕێ با ئەستێرەکان

گەمەی مندالاّنەی خۆیان

بکەن.



**ش**

مانگ بە خۆری گوت:

ئەستێرەکان تازە لە حەمام

گەڕاونەتەوە.

– با سەرمایان نەبێت.

بە مەمک گەرمیان کەرەوە.





**و**

ئەستێرەکان بە مانگیان گوت:

چڵکنین،

بمانخەرە بەر دووشی تریفە.

## پەنجەرە

عەمان: ٢٠٠٧

خ

تاڵێک قژی خۆر،

لە چرۆی سنەوبەرێک گیر بووە.

مانگ ، بە پەنجە ناسکەکانی،

خەریکە لێی دەکاتەوە.





ۆ

پەنجەرە نەبوایە

خۆر،

لەبن دیوارە بڵندەکاندا

ئارەقی بێزاریی دەڕشت.

ر

چەپکێ تیشک،

لە پەنجەرەوە هاتوونەتە ژوورێ..

تا خۆیان،

لەبەر هەوای سپلیتەکەدا

فێنک بکەنەوە.







## هایکۆکانی قوباد

١

بەفر بە شاباڵی خۆر

سەفەری کرد و

بەسەر پشتی ئەسپی زستانەشدا

گەڕایەوە.

٢

که خۆر تەم و مژی له خەو هەڵسان،
قاچی له قەراغ رووبار و
سەری کردبوو
بەڕانی دارستانێ.





٣

بارانی دڵ شکاوه له زەوی،
کێ ئاشتی دەکاتەوە؟

٤

باران،
چاوی رشتووە بەخۆڵ.





٥

ئاسمان،
چارشێوێک لە خۆڵ
بەسەر درەختەکاندا،
دابەش دەکات.

٦

گوڵ، چونکە قایل نەبوو
لەگەڵ با دا پیاسە بکات،
هەڵی وەراند.







٧

شەو،
زگی خۆر پڕ دەکات
لە رووناکی.

٨

خۆر،
بە شمشێرەکی زەردەوە
خۆی کرد بە ژوورا.
لە ژێر زەمینەکەدا،
سەری تاریکیی پەڕاند.





٩

من و
نازداری هاوسەرم،
رەنووی کوڕم،
چوارەم کورسیی مدبەقەکەش،
هەتاو لە سەری دادەنیشێ و
نانی بەیانیمان لەگەڵ دەخوات.

١٠

وەختی زاووزێکردنی درەختەکانە،

سبەینان،

جریوە جریوی رووتی.





١١

لە قەراغ رووبارێکدا

با،

سواری پشتی شەنگەبی بووە

بە فیکە فیک،

ئاوی دەدات.

١٢

مەمک،

لانەیەکە پڕ لە کۆتر.





١٣

مەمک،

گەورە و بچووک

بەیەکەوە ژێر دەکاتەوە.

١٤

مەمک،

داستانێکە

پاڵەوانەکانی کۆرپەن.





١٥

مەمک نەبوایە

دەمیش نە دەبوو!

١٦

لە هەر ماڵێکدا مەمک نەبوو
نارنجۆک هەیە.





١٧

مەمک،
یەکەم کێڵگەو
دووا کێڵگەی
گوڵە گەنمە.

١٨

مەمک،

دایکی لێوە.





١٩

مەمک

هێشووە ترێیەکە

لە ئارامی.

٢٠

گۆ، قفڵی مەمکە.

کلیلەکەی،

لێوە.





٢١

ساواکان،

لە بن گومبەتی مەمکدا

نوێژ دەکەن.

٢٢

ستیانێک بە تەنافەوە،

مژدەی

دوو مەمکی ئازاد.





٢٣

ستیانێک بەتەنافەوە،

دڵۆپ

دڵۆپ

بۆ مەمک دەگری.

٢٤

ستیانێک بە تەنافەوە،

کۆرپەیەکە

بە پەتی

قەنارەوە.





٢٥

ستیانێک بە تەنافەوە،

چاوەڕێی پەنجەی ژنێکە،

گەردنی بکاتەوە لە پەت.

٢٦

ستیانێک بە تەنافەوە،

شنە، دەیلاوێنێ

هەتاو،

جێ دەنووکی مەمک

پڕ دەکاتەوە لە رووناکی.





٢٧

ستیانێک بە تەنافەوە:

با بمبات،

سوێم دەبێتەوە بۆ مەمک.

٢٨

ستیانێک بە تەنافەوە:
کردنەوەی چاوی مەمکە
بۆ بینینی لێو.





٢٩

ستیانێک بە تەنافەوە:
ساتەوەختی گوشینی مەمکە،
لەبەر ئاوێنەیەکدا.

٣٠

ستیانێک بە تەنافەوە:

رووتبوونەوەی دوو مەمکە،

لە بن دووشی حەمامێکدا .





٣١

ستیانێک بە تەنافەوە:

کردنەوەی دەرگای قەفەزێکە،

بۆ هەڵفڕینی دوو کەو.

٣٢

ستیانێک بە تەنافەوە:
داگیرسانی دوو گۆی مەمکە
لە ناو دوو دەستی تاریکدا.





٣٣

ستیانێک بە تەنافەوە:
لە زیندانێکدا،
چرپە چرپی دوو مەمکە
لەبەر پەنجەرەی ئازدیدا.

٣٤

ستیانێک بە تەنافەوە:

قەسیدەکانی مەمک

بۆ با دەخوێنێتەوە.





٣٥

ستیانێک بە تەنافەوە:

کۆرپەیەکە

تازە لە مەمک کراوەتەوە.

٣٦

گیرفانی دڵم کونە،
هەر دەڕۆم و
ماچم لێ دەکەوێ.





٣٧

کە شەڕ هاتە ژوورەوە،
دایکم،
خۆی بۆ رووت کردەوە.

٣٨

شەڕ،

لە ناو لانکی منداڵەکانماندا

خەوی لێ کەوت.





٣٩

شەڕ،

میزی کردە کووپەکانی

ئاوەوە.

٤٠

خوا،
بە دەستێک چاوی خۆی گرت و
بە دەستێک،
مەمکی ژنەکەمی هەڵکێشا.





٤١

خوا،
چەپکە گوڵێکی بۆ ناردم
لە ئاگر.

٤٢

گریان،

پێم پێدەکەنێ.





٤٣

خودا بانگم دەکات،

ناوێرم بچم،

بەرماڵەکەم لە مەیخانەدا

جێ هێشتووە.

٤٤

با باکی شنەیە.

بارانیش،

دایکیەتی.





٤٥

"دنَتْ الساعة وإنْشقّ القمرْ"

لەو دەمەوە مانگ نەزیفە،

نەزیفی تریفە.

٤٦

پشیلەیەک،
بەرگی کتێبەکەی ناو دەستم
دەخوێنێتەوە:
"إهدأ هاملت
تنشقّ جنونَ أوفيلي"





٤٧

جگە لە پایز
کەس لە پەنجەرەوە دیار نییە.

٤٨

مەمک،
خوشکی لۆکە و
کچەزای هەنار و
ئامۆزای ئاگردانە.





٤٩

مەمک،
کۆترێکی دەنوو جەرگییە
تەنیا "دان"ی
گوڵەگەنمی پەنجە دەخوات.

٥٠

گۆ،
چزووی مەمکە
بەناولەپەوە دەدات.





٥١

ستیانێک بەتەنافەوە
کۆترێکی باڵشکاوە
بەلکە درەختی پایزەوە.

٥٢

کە ژنە ڕووتەکە،

چراکەی کوژاندەوە...

ژوورەکە ڕووناکتر بوو.





٥٣

تاڵێک قژی خۆر

لە چرۆی سنەوبەرێک گیر بووە،

مانگ بە پەنجە ناسکەکانی

خەریکە لێی دەکاتەوە.

٥٤

"هەنار" لە گۆی مەمکییەوە

دەنکە سوورەکانی لەزەت

لەناو دەممدا

دادەتەکێنێت.



## پێڕست


چلەی باخەوان ..... 5

حەزێکی گڕگرتوو ..... 8

گوناهی یەکەم ..... 12

بۆ گوڵەگەنم هەموو وەرزەکان بۆ شیعر ..... 15

ژنەکانی تیرانا لە ئاو ڕووتترن ..... 21

وَ لصومِ غَدٍ نَويتْ ..... 39

لە باوەشی ترۆرستێکدا، ژنێکی ڕووت ..... 45

مزگەوت ماڵی خوایە ..... 60

ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل بەشێکن لە جەستەی خودا ..... 75

کارتی سپی ..... 81

بەرد و دوعا ..... 101

مەولەوی شووشە بە پەنجەرەی شیعر دەگرێتەوە ..... 121

دەرپێی بەفر پڕە لە ڕیشۆلە ..... 137

سەکسووکە ..... 139

قیژە ..... 141

ریشۆڵە ..... 143

خەون ..... 144

کانی ..... 145

شان و مل ..... 147

تیشک ..... 148

ئاگردان ..... 149

میوه ........ 151
ئاوێنه ........ 152
دەستڕێژ ........ 153
پەنجەرە ........ 154
سوور ........ 155
چلوورە ........ 156
داچۆڕان ........ 157
بازگە ........ 159
کۆچی نان ........ 160
شەڕی مانا ........ 178
شەڕ ........ 178
وێنە ........ 179
بالیف ........ 181
قەسیدە ........ 183
نەیزەک ........ 185
مانا ........ 187
هیچ ........ 188
قاهیرە ........ 189
خەو ........ 189
ژن ........ 191
فیشەک ........ 193
مەد ........ 194
کەف ........ 195
دەریای سپی ........ 196
هەڕەم ........ 197
نەفەرتیتی ........ 198




گەردانە ........ 199
نیل ........ 200
قاهیرە ........ 201
زەمالک ........ 203
ئەسکەندەرییە ........ 205
مەلیک فارووق ........ 206
نەجیب مەحفووز ........ 207
عەبدولحەلیم ........ 209
ئوم کەلسووم ........ 210
عادل ئیمام ........ 211
ئوم کەریم ........ 212
خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا ........ 213
لەناو لەپی دەستی چەپمدا ڕووبارێک لە ڕەنگ ........ 222
دووش ........ 232
پەنجەرە ........ 235
هایکۆکانی قوباد ........ 238

خۆر

# لەناو پەرداخێکی شکاودا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

خۆر

# لەناو پەرداخێکی شکاودا

شیعر و هێڵ

**کارێکی هاوبەشە**

ڕۆستەم ئاغالە – قوبادی جەلی زادە



ناوی کتێب: خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا – شیعر و هێڵ
بەرهەمی: ڕۆستەم ئاغالە + قوبادی جەلی زادە
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٧٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# چلەی باخەوان

کۆچ زرکوڕی مەرگە و مەرگیش ملکەچ نەبوونی میکانیزمی لەش بۆ درێژەپێدانە... بێ هێزیی لە ڕادەبەدەری ئەندامگەلێک کە -ژیان- بەگەشاوەیی و جووڵەی ئەوانەوە بەستراوەتەوە... باخەوان بەئاگاییەوە ئەم هەلومەرجانە قەبووڵ دەکات و بەبێ هیچ بەرگرییەک لە بەرامبەر بوونی ئەودا خۆ بەدەستەوە دەدات. (ئەگەری ئەوەش هەیە بەهۆی خەم و پەژارەی ساڵیانی ساڵ هێزی بەرگرییەکەی تێک شکا بێت) لە هەرحاڵدا پێمەڕەکەی - کە ئامرازی ئاوەدانکردنەوەیە - وەلا دەنێ و باخ بەتەمای خوا بەجێ دێڵێ... ئەم شیعرە دەتوانێ ئاماژەیەک بێ و بەگرفتی گەورەی ولاتانی جیهانی سێیەم - کۆچ - بەڵام بۆ کوێ و بۆچی؟ هێندێک جار کۆچ، تەنیا ڕێگایەکە بۆ دڵسپاردن بەکەفوکوڵی دەروون و دۆزینەوە و نوێبوون. هێندێک جاریش بەشوێن ماڵ و سامان. هێندێک جاریش بەهۆی ترس لە لەکیسچوونی ڕێز و ژیان.

لە جیهانی سێیەمدا شێوەی سێیەم گشتگیرترە... بێ ڕێزی و دەستدرێژی و پیلان و مەرگ، بەرئەنجامی ژیانی هزرڤانانە و کاریگەر لەو حکومەتگەلە سەرەڕۆیانەدایە کە دەیانەوێ خەڵکەکەیان گەمژە بن.

لەم نێوەدا باخەوانی ئێمە کامەیە و پێمەڕە چییە؟

قوباد بەزیرەکی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێناسەیەک بۆ





باخەوان دیاری دەکات و ڕابردووی ئەو لە چەند دیمەنێکی کورتدا وەبیرمان دێنێتەوە و... لەمەڕ ئەو ئاماژەیەی پێشوو دەمانخاتە گومانەوە (شۆڕشگێڕێکی شەهید و شۆڕەسوارێکی گلاو). نەبوونی باخەوان و گلانی لەسەر ئەسپ وێنەیەکە لە شەهیدبوونی ئەو. کاتێک وشەی شەهیدبوون لە ناو شیعردا ڕوو دەدات، ڕوانینێکی ئەرێنی بۆ باخەوان بەشوێن خۆیدا دێنێ چونکە ئەگەر باخەوان کۆچبەر بوایە و بەهۆی ترس و ماندوویەتی باخی جێ بهێشتایە، ئێمە خوێنەری ئەو پێداهەڵکوتنە بۆ باخەوان نەدەبووین کە لە دێربەدێری شیعرەکەدا خۆ دەنوێنێ.

شایەدی ئەم نموونەیە نارەزاییی دەربڕینی ڕاستەوخۆی شاعیرە لە شیعری "نووسینەکانی سەر شانم"دا لە بەرامبەر "ئەو سەرکردە نێرەمووکانەی نیشتمانیان بەبرینداری بەجێ هێشت" و نەک تەنیا هەر فەرماندەکان، بگرە نووسەران و شاعیران و خوێندەوارگەلێک کە خاکی نیشتمان مەزاجیان تێک دەدا و ئاوی نیشتمان تووشی ژانەزگیان دەکات و هەتاوی نیشتمان پێستیان دەسووتێنێتەوە و ناتوانن لە بەرامبەر ئازاری نیشتماندا خۆ بگرن چونکە زۆر دڵناسکن و... هەر بۆیەش پێیان باشترە وەک حەبیبە لە بەردەم بارەکانی سوێددا سواڵ بکەن بەڵام جگەرەی "کێنت" بکێشن و ساردی بخۆنەوە و لینگیان هەڵێنن و - سەیریشە لە هەمان کاتدا- نیشتمانپەروەرێکی زۆر توند بن و بەردەوام دەهۆڵی ئەوینی کورد و کوردایەتی بکوتن.

کەوایە باخەوانی ئێمە وەک ئەو فەرماندە و شاعیرە خەساوانە نییە بگرە مردنێکی بەناچار ئەوی لە دەستکردەکەی جیا کردووەتەوە... باخەوانی ئێمە کۆنە سەربازێکە گەلێک ساڵان بەتەمای

ئاوەدانکردنەوە، خاکی نیشتمانی هەڵدڕیوە و دڵۆپ دڵۆپ تاڵاوی هەڵچۆڕاندووەتە ناو گەرووی خۆیەوە. پاش چل ڕۆژ، باخی ئێمە شێواو و تەنیا لەم نێوەدا نازانێ چ ئەرکێکی هەیە و پێمەڕە ئاگادار دەبێ چ ڕاسپاردەیەکی لە ئەستۆیە. "وەک بڵێی دەبێ بۆ هەر هەستان و داگەڕانێک چل ڕۆژ تێپەڕ بێ" تازیەباری وەلا دەنێ و سەیرێکی سەرانسەری باخ دەکات. دەست لە ئەژنۆ گرتنی ئەو هێمایە بۆ خەسارەت وەک چۆن کۆچمەرگی باخەوان، بەرەڵاکردنی باخە لە بەردەم گژوگیای ژاراویدا.

شیعر ئەو خەسارەتە قەبووڵ ناکات و هیچ بایەخێکی بۆ دانانێ. هەر بۆیەش ئەمجارەیان بەدەستەکانی دار و پێمەڕە، باخەوانێکی تر زیندوو دەکاتەوە و بۆنی خۆشی پشکوتن بەگیانی شیعر و جیهاندا دەگەڕێ.

سەعید دارائی، لوڕستان، ئیلام



## حەزێکی گڕگرتوو!

هونەر ئاوێنەیەکە لە بەرامبەر سروشتدا ڕاگیراوە "شکسپیر"

کەم ژن لە بەرامبەر ئاوێنەیەکدا کە جوانییەکەی پێشان دەدات، چاوەکانی دادەخات.

بڕوا بەخۆبوونی ژنان لە سەرەتای ئەفراندندا بەجێ ماوە و ئەندامیشی لە ئوستوورەی "مەسیح"دا.

کێ ئەم جامبازییە دەگەڕێنێ؟

کێ ورەی ئەوەی هەیە گڵکۆی یەکەمی ئەو هەڵداتەوە؟

شیعر، وەزمانهێنانی جوانی و تێگەیشتنی واتای ئەوە لە جیهانێکدا کە ڕەنگیان لە دەمارەکانی دەرکێشاوە، ماناش هەروەها، جوانییەکەیان بریندار کردووە و خولیاکانیشی هەروەها.

لە کۆمەڵەی وەرگێڕاوی شیعرەکانی کاک قوبادی جەلیزادە لە وێبسایتی بەڕێز سەعید داراییدا، بۆن و بەرامەی لە بیرکراوی ژن و جوانی و مرۆڤ گێژم دەکات. ژن لە شیعرەکانی ئەودا بەزمانی جیهانیی مۆسیقا دەدوێ و کراسێک لە کۆلکەزێڕینەی لەبەردایە و کە قووڵتر بڕوانی، بۆ تێگەیشتن لە شەقڵ نەشکاویی ئاوەکانی جیهان بانگهێشتن دەکات، بۆ ڕۆژی شەشەمی ئەفراندن، بۆ سەفەری دەرکەوتنی جیهان و دەبیستی کە خوا وتی: "ئادەم لەسەر شێوە و ڕوخساری خۆمان دەخوڵقێنین، بۆ ئەوەی بەسەر ماسییەکانی ناو

ئاوی دەریا و باڵندەی ناو ئاسمان و چوارپێکان و بەسەر گشت زەوی و هەموو ئەو جڕوجانەوەرانەدا کە بەسەر زەویدا دەخوشن، حوکمڕانی بکات. هەر بۆیەش خوا ئادەمیی لە شێوەی خۆی دروست کرد. ئەوەی بەشێوەی خوا ئەفراند و ئەوانی لە نێر و مێ ئەفراند". (سەفەری دەرکەوتن).

شاعیر لە خاڵی سفردا وەستاوە و دەخوازێ شتێکی نوێ بخوڵقێنێ. هەروا کە پلە بەپلە ئەو پەردانەی بەسەر جوانی دادراون دەدڕێ و سەرپێچیی خۆی لە شیعری "بەرزەخ"دا دەخاتە بەردەستی خوا. باڵەکانی لەبەر یەک دەکاتەوە و بەتەمایە بەرەو تەشق بفڕێ. شاعیر لە هەڵبەز و دابەزێکی منداڵانەدا دەست بۆ هەر شتێکی دڵخوازی خۆی درێژ دەکات و سەرخۆشانە هاوار دەکات:

خوایە
لە ڕۆژی ئاگردا وەک یەکن
ئەوانەی خوێنی خاک دەڕێژن
ئەوانەیش خوێنی ڕەز؟
خوایە...
لە ڕۆژی حەشردا وەک یەکن
ئەوانەی خوێنی ژن دەڕێژن
ئەوانەیش لێوی ژن ماچ دەکەن؟

هەر بۆیەش ئازار دەچێژێ و یەک بەیەک مۆری باتڵ لەسەر ئەو حوکمانە دەدا کە پێشتر دەرکراون.

شاعیری "کۆڵانی سێو" دەلاقەی دڵی بەرەو ماچ کردووەتەوە و





دەخوازێ ئەوین لە ناو خانەکانی جیهان دەربکێشێ.

لە گردی سەر سەوزی شیعرەکانی قوبادا خەمێکی قووڵ شاردراوەتەوە و حەزێکی گڕگرتووش بۆ درکاندنی نهێنییە نەدرکاوەکان. وەک گەردەلوولێک بەسەربزێوی و بزۆزی تەنوورەی ژنەکان هەڵدەداتەوە و کۆت و بەندەکانی پەچە و ڕووبەند دەکاتەوە و لە ناو نوێنی وشەکاندا لەگەڵی یەک دەگرێ. مرۆڤێکی نێر و مێ کە دیمەنی خوڵقێنەر لە چاوەکانیدا شەپۆل دەدات. قیبلەی ئەو بەپێچەوانەی قیبلەی خەڵکی ئاسایی و ڕێگای هەمان لاڕێ قەدەغەکراوەکانە.

ژن لە نێو شیعرەکانیدا لە شوێنێکدا دایکە و مەمکی بەعەورەتی شەیتان دەزانێ، لە شوێنێکی تردا پۆلێک گورگ و لە شیعرێکی تردا ژنێکی ڕووت ڕووت...

شاعیر مەمکی دایکی زیندوو دەکاتەوە و مەمکی ژن مانا دەکاتەوە ستایشی ڕووتییەکەی دەکات و لەگەڵیدا دەچێتە بانک و کتێبخانەی گشتی و کۆنگرەی حیزب و مزگەوت، ئەو کات کورد و عەرەب و کلد و ئاشوور و تورکمان لە تەک یەکدا دەبنە برا و ژنی شیعرەکانی قوباد لە ناو بڵێسەکانی ئاگردا دەبێتە پێغەمبەر.

لەگەڵیدا تا سەرچنار دەچێ بۆ ئەوەی یادەوەریی درەختەکان بگەڕێنێتەوە. بۆ زیارەتی کچە گەریلاکان تا چیای قەندیل سەفەر دەکات و ماڵئاوایی لە سێوە حەلاڵەکانی بەهەشت دەکات. ئەو کاتەش کە لەسەر جەستەی ئەنجن ئەنجنکراوی دوعا ڕادەوەستێ هاوار دەکات:

ئەی خاک...

ئەم رقەمان لێ بستێنەوە و ئەستێرەمان بەرێ
ئەم خوێنەمان لێ بستێنەوە و زەیتوونمان بەرێ
ئەم بەردانەمان لێ بستێنەوە و عیشقمان بەرێ.

پاشان دەست لە سەرشانی هەڵەبجە دادەنێ وشین دەگێڕێ:
کۆترە شینکەکانی هەڵەبجە
لە نێوان مەمکە گومبەزییەکانی عەمبەر خاتوون و
سینگە هەڵقرچاوەکەی عومەری خاوەردا گۆڕستانێکن لە دەنووک...

قوباد ژن لە توێ توێی مێژوودا دێنێتە دەرەوە و قژی بۆ شانە دەکات و ڕوخساری بەرەنگەکانی دەشواتەوە و جەستەی بەلاواندنەوە کەوی دەکات بۆ ئەوەی تەواوکەری جوانیی جیهان بێت.

بەریانی شیعرەکانی ئەو بەریانی ڕوونی مرۆڤە. مرۆڤێک کە لەشی، هەر ڕۆژ پلەیەک ساردتر لە ڕۆژی پێشوو دەبێ و ئەو بەدەمماندنی ڕۆحی نوێ و گەرم بەنێو لەشی برینداریدا، بەتەمایە مانای ژیان بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای خوڵقان.

من خۆشحاڵم بەوەی کە خوێنەری کۆلکەزێڕینەی وشەکانی ئەوم و هەڵبەت بۆ ئەوەش منەتباری هاوڕێیانی شاعیر و بلیمەتم، سەعید دارایی و کامیل نەجاڕیم.

ژنە ئازەری، مینو نوسرەت

«شهسوار»



# گوناهی یەکەم

قوبادی جەلیزادە پێغەمبەرە. بەڵام نەک لە ڕەگەزی ئەو پێغەمبەرانەی بەڵێنی بەهەشت دەدەنە ڕۆح و جەستەی ئازارچێشتوویان دەوێ. نەک لەو پێغەمبەرانەی کە جوانی دەشارنەوە و ژن (ئەو تونێلی هەنگوین و بێ دەسەڵاتترین گوڵە) لە ناو چوار دیواری حیجاب و لە کۆت و بەندی یاساکانی دین و باوک و برا و مێرددا دەبەستنەوە.

نەک لەو پێغەمبەرانەش کە گوناهی ئادەم و خواردنی سێو و نشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەخەنە ئەستۆی ژن و بەو شێوەیەش لە ژن تاوانبارێکی هەمیشەیی دروست دەکەن کە دەبێ ملکەچی مێرد و مەحکوومی شمشێری ئەو بێت.

قوباد هاتووە لەسەر ئەو گۆی زەوییە خۆڵینەدا بەهەشتێکمان پێشکێش بکات تژی لە جوانی و ئەوین و شەوق و ژیان. ئەو دەیەوێ مرۆڤ ڕووت بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ منداڵیی خۆی. یاساکانی ئەو یاساکانی جوانی و ژیانە.

ئەو کە "خەیامانە شەرابی نۆشیوە"، پێمان دەڵێ بەهەشتێک ئەگەر هەبووبێ هەر لەسەر ئەو زەوییە بووە و ژن بەبێ تاوان دەزانێ لە هەر جۆرە گوناه و ناپاکی و فریوێک.

قوبادی جەلیزادە خەباتکارێکی شۆڕشگێڕە. بەڵام نەک خەباتکارێک لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا، یاخۆ لە پێناو مافەکانی چین و توێژێکی تایبەت یا ڕووخاندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆردا.

خەبات و شۆڕشی ئەو بۆ ڕزگاریی جەستەیە کە ئەو مەمکی لە نیشتمان خۆشتر دەوێ و جەستە بەشایانی ڕزگاربوون دەزانێ. ئەو شۆڕشگێڕێکە ئیتر ناتوانێ داربەڕووی لە بەژنی ژن و کانیلە و ئەستێرە و لووتکەی چیای لە دەمی ژن خۆشتر بوێ. شۆڕشی ئەو هێندێک جار نافەرمانییە لە بەرامبەر خود و ئایندا، هێندێک جاریش تێکۆشانە لە دژی کولتووری پیاوسالاری دژە ژندا. جار جار لە بەرامبەر سەرکردە سیاسییەکاندا ڕادەپەڕێ و هێندێک جاریش لە دژی سەرۆکە ئاینییەکاندا. ئەو بەردێک لەسەر سینگی دوعا هەڵدەگرێت و دەیکێشێ بەکڵێساکان و منارەی مزگەوتەکان و پەنجەرەی حوجرەی میردا. لە هەمان بەردیش دیوارێکی بڵند هەڵدێنێ بۆ ئەوەی نە پێغەمبەرێکی لێوە دیار بێ و نە کتێبێکی پیرۆز و نە خوایەکیش.

ئەو دەیەوێ تەنیا خۆشەویستی بەسەر نیشتمانی دڵماندا حوکم بکات.

قوبادی جەلیزادە ڕەخنەگرە. ئەو نووسەری کۆمەڵگای خۆیەتی. هۆنراوەکانی لە ناو دڵی ڕووداوەکان و مێژووی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا سەر دەردێنن. جارێک "لە عەرعەرەوە قسە دەکات" و بۆ شەهیدانی ئەنفال شین دەگێڕێ و ڕەخنە لە حکوومەتی دیکتاتۆریی بەعس دەگرێ. جارێکی تر هەڵدەکوتێتە سەر ئەو سەرکردانەی براکوژییان کرد و بەدروشمی ڕزگارکردنی نیشتمان، خاکیان دابەش کرد و "نیشتمان لە بەرچاوی نەتەوەکەی ڕەش کرد". هەروەک چۆن لە شینی "دوعا"دا ڕەخنە لە کۆمەڵگا و کولتووری دژە ژنی ئێمە دەگرێ، ئەو کاتەش کە سیاسەتمەداران و سەرکردە سیاسییەکانی کورد لە





ژێر پاڵەپەستۆی حکوومەتی تورکیادا لە دژی پەکەکە هەڵوێست دەگرن و ئابڵووقەی ڕاگەیاندن دەخەنە سەر خەباتکارانی قەندیل، بێدەنگ دانانیشێ و قەسیدەی "ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل ..." دەنووسێ.

قوبادی جەلیزادە خۆی دادوەرە بەڵام هێندێک جار وەک پارێزەرێک بەرگری دەکات لە ژن و ژیان و گوڵ و پەپوولە و هەرچی جوانییە و هێندێک جاریش وەک داواکارێکی گشتی، ئاین و کولتوور و مێژوو و پیاو و سەرکردە و ڕۆشنبیرە گەندەڵەکان دادگایی دەکات. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە خوێنەرانی شیعرەکانی ئەون کە دەبنە دادوەر و بڕیاری کۆتایی دەردەکەن.

قوبادی جەلیزادە شاعیرە...

کامل نەجاڕی

بۆکان

## سالێک بۆ گوڵەگەنم هەموو وەرزەکان بۆ شیعر

لەتیف هەڵمەت

من بەبێ زیادەڕەوی و سەرکردن لە وشە و ئاخافتنیدا، دەتوانم لە ماوەی تەنیا سەعاتێکدا بیست نامە یاخۆ زیاتر بۆ برادەرانی لاو و پیاو بنووسم، بەڵام خوا ئاگادارە لە ماوەی بیست سەعاتیشدا نەمتوانیوە و ناتوانم نامەیەکی پڕ بەدڵی خۆم بۆ ژنێک یا کچێک بنووسم و لە هەموو نامەیەکمدا کە نووسیبێتم دەیان کەموکوڕیم دۆزیوەتەوە و دڕیومە و نەمناردووە و بەوجۆرەش لە یارا و توانامدا هەیە لە ڕۆژێکدا پێشەکی بۆ دەیان شاعیری هاکەزایی و کۆمەڵە هۆنراوەی قاڵبی و ئاسایی و باو بنووسم. ئەو جۆرە شاعیر و شیعرانە پێشەکییەکی باو و لامسەرلایان دەوێ و وەکو چا لێنان وایە و چۆن هەر کات و دەمێ بمەوێ چایەکی خۆش لێ بنێم... بەلامەوە ئاسانە، بەوجۆرە نووسینی ئەو تەرز و تەرحە پێشەکییانەم بەلاوە ئاسان و ئاساییە بەڵام کاتێ شاعیرێکی داهێنەر یا شیعرێکی شاکار بەشێوەیەک لە شێوەکانی داهێنان دەمهەژێنن و خۆم خۆم فریو دەدەم شتێکی جوان لە بارەیانەوە بنووسم... هەتا نووسینەکە تەواو دەکەم وا دەزانم دە جار بەلووتکەی قەندیلدا ئەمدیو و ئەودیوم کردووە و سەرتاپای گیانم خەڵتان و شەلاڵی دڕدۆنگی و ماندووبوون و ڕاچڵەکین و گڕکان و بوومەلەرزەی چەند و چوونکردن دەبێ و هەر لەو کەلووەوە کاتێ شاعیری داهێنەر و هاوڕێ قوبادی جەلیزادە





پێشنیازی ئەوەی کرد پێشەکییەک یا وتەیەک لە بارەی ئەم کۆمەڵە شیعرەوە بنووسم و دەستنووسی شیعرەکانم لێ وەرگرت... لە لایەکەوە لێوانلێوی خۆشی بووم کە شاعیرێکی خودانی دەیان شیعری شاکار و داهێنەر... ڕووی ئەوەم لێ دەنێ پێشەکیی بۆ بنووسم و لە لایەکیشەوە سەراسێ و دڵەڕاوکێ گرتمی و خۆم بەخۆمم گوت چی لە بارەی شاعیرێکەوە بڵێم کە داهێنانە شیعرییەکانی بورجگەلێکی بەرزن لە جوگرافیای شیعری کوردیدا، باڵەخانەگەلێکی ناوازەن لە وڵاتی بێ سنووری شیعردا.

بەڕای من قوباد هەر لە یەکەم کۆمەڵە شیعریەوە کە بەناونیشانی "قەڵەمێکی ڕدێن سپی" لە ئەتڵەسی شیعری کوردیدا جێگای بۆ دۆزییەوە... لەگەڵ ئەوەشدا لێرە و لەوێ لەو کۆمەڵە شیعرەدا ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی چەند شاعیرێکی دی وەک تارماییەک بەدی دەکرا... بەڵام هەر لەو نۆبەرەیەوە بانگەشەی داهێنانی شیعری خۆی دا بەگوێماندا و پێی گوتین ئەی عاشقگەلی شیعری ڕەسەن گوێم لێ بگرن، منیش دەنگێکی نوێم.

لە ڕاستیدا هەموو شیعرێکی سەرکەوتوو دەبێ ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی کولتووری شیعری نەتەوەیی و جیهانیی بەجۆرێک لە جۆرەکان تێدا بێ، لەم بارەیەوە شاعیری گەورەی ئینگلستان ت. س. ئیلیۆت دەڵێ: شاعیری داهێنەر ئەو شاعیرانەن دەنگە شیعریە ڕەسەنەکانی ڕابردوومان دێننەوە یاد...

بەڕای من قوباد لە بازنەی ئەو شاعیرانەدایە کە ت. س. ئیلیۆت ئاماژەی بۆ کردوون و من بەڕەهایی دەیڵێم خاوەنی دەنگ و تایبەتمەندیەتی خۆیەتی لە شیعری کوردیدا و شێواز و خەسڵەتی

تایبەتی خۆی هەیە لە دەستەمۆکردنی وشە و بەرجەستەکردنی ڕستەی شیعریدا.

من کاتێ شاکارە شیعرێک یا دیوانە شیعرێکی شاعیرێکی ڕاستەقینە و ئەزموون بەرجەستەبوو یا ڕۆمانێکی سەرکەوتوو یا چیرۆکێکی بەپێز و خۆش دەخوێنمەوە وا هەست دەکەم لە شەمەندەفەرێکی پڕ لە کچ و ژنی جوان و چاومەستدام و حەز ناکەم شەمەندەفەرەکە هەتا ڕۆژی هەستانەوە بگاتە وێستگەی مەبەست و کاتێ کەوتمە خوێندنەوەی دەستنووسی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی قوباد، شیعرەکانم ئەوەندە بەلاوە خۆش و ناوازە و پڕ لە داهێنان بوو حەزم دەکرد تەواو نەبێ و لاپەڕەی دەسنووسەکە بەهێزێکی ئەفسووناوی زاوزێ بکەن و کۆتاییان نەیە ئەم قسانەش بەهەوانتە ناکەم و چۆن زەڕەنگەر ئاڵتوونی ساغ و عەیارەکەی دەناسێ... منیش لە هەشت نۆ ساڵییەوە لەگەڵ کورسیی نەعنا و ڕەحەتەلوقم و خورمای ڕووتاب و مێوژی هەورامانداا کلۆوقەندی شیعری گەورەشاعیرانی فارس و عەرەب و جیهان و کوردم نۆش کردووە و شیعر و عەیاری شیعر و شاعیرەکە دەناسم و هەروەکو چۆن پەپوولە یاخۆ هەنگ لە دوورەوە بۆنی گوڵی شیلەدار دەکات منیش بەوجۆرە لە دوورەوە بۆنی پەڕەی شیعراوی دەناسم و شیعری باو و دژەباو لێکدی جیا دەکەمەوە. قوباد هەر لە یەکەم کۆمەڵە شیعریەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی دژەباوی و هەوڵی نوێگەریی داوە و ئەزموون لە دوای ئەزموون هەموو پێکهاتە و خەسڵەتێکی داهێنانی لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا بەرجەستە کردووە و ناکرێ باسی شیعری نوێی کوردی بکرێ و ڕووبەرێکی دیار بۆ قوباد دیاری نەکرێ. من خۆم بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر "دە... یا پازدە"





شاعیری کورد بەشاعیری گەورە و داهێنەر بزانم یەکێکیان قوبادی جەلیزادەیە و سوپاسی دەکەم کە پێشنیازی نووسینی پێشەکی ئەم کۆمەڵە شیعری بۆ کردم. نایشارمەوە پێشەکییەش کارێکی ئاسان نییە و من لەو بیروڕایانەمدا ویست و خواستی ناخی خۆمم خستووەتە سەر کاغەز و بەرپرسم لەو قسانەم، ڕۆشنبیرێک یا شاعیرێک یا تەنانەت قوباد خۆیشی بەدڵی نەبێ یاخۆ کەم و زۆر تاوتوێی بکات و تەرازووی قایلبوونی بەرامبەر و هاوتا ڕانەوەستێ.

ماوەتەوە بڵێم: قوباد ئەم هەموو شیعرە خۆشەت لە پوورەهەنگی کام لووتکە و کام توناوتوونی هەیبەت سوڵتان هانیوە. سەیریش نییە ئەگەر ئەمساڵ دەشتی قەراج کەم گەنم بێ، ئەوەتا بەدرێژاییی ئەو دەشت و کێوە شیعری جوانی قوباد دەڕوێ. با ساڵەکان دابەش کەین، ساڵێک بۆ گوڵەگەنم، هەموو وەرزەکان بۆ شیعر.

لەتیف هەڵمەت

شەو ٢٩/٣٠-٥-٢٠٠٨ سلێمانی







بولبول دەخوێنێ.. با لە بەرگی گوڵ دەدا

خونچە لەباتی گوێ بگرێ، دەم دەکاتەوە

"حاجی قادری کۆیی"

## ژنەکانی تیرانا لە ئاو ڕووتترن

ئەلبانیا– کۆسۆفۆ

٢٠٠٨

ژنەکانی تیرانا..
لە ئاو لووسترن
لە ئاو نەرمترن.
لە ئاو تەڕترن.





ژنەکانی تیرانا
رووتی لە بەفر دەکرن و
بە چڵێک سێبەر،
بریقەی شان و ملیان
دادەپۆشن.





پشتی ژنەکانی تیرانا
تا ژێر کەمەر رووت.
سپی سپی و خاڵدار.
دەڵێی نانی گەرمی تیرین،
داچێنراو بە رەشکە!

ژنەکانی تیرانا
لە موغازەی باخچەدا جلک دەکڕن.
بە لاسکە گیای عەتر،
گێلاس لە گۆی مەمکیان گرێ دەدەن.





لە تیرانا مەمک،
سڵ ناکاتەوە لە پەنجەی خۆر.
ناسڵەمێتەوە لە لێوی سێبەر.
خۆی ناشارێتەوە،
لە زمانی سەرنج.

مەمک لە تیرانا،

بوومەلەرزەیەکە نەسرەوت.

کەچی نە کڵێسایەک بەلادادێ.

نە منارەیەک لار دەبێتەوە.

نە لەناو دەستی سەرخۆشێکدا،

پەرداخێک

وردوخاش دەبێت.





ناوکی کچەکانی تیرانا،

چاوی سێهەمن!

پەنجەرەیەکن دەڕواننە موچڕکە.

چاڵێکن پڕ لە نهێنی.

شوێن سەرە پەنجەی منداڵێکی ساوان،

لەسەر قاپێک هەنگوین.



ژنەکانی تیرانا..
لەگەڵ پۆشاکدا ناکۆکن.
ئەوان لەشە رووتەکانیان،
بە دەزوولەیەک رووناکی،
بە پارچەیەک ئاو
دادەپۆشن.





بن باڵی ژنەکانی تیرانا،
دوو زنەی عەترن.
تا حەدی رژان؛
شووشەی لەش و
شووشەی رۆحیان،
لێ پڕ دەکەم.

ژنەکانی تیرانا..
شەراب و
جگەرە و
ماچ،
بەیەکەوە دەنۆشن.





لەبەر لووسی،
ماچەکانم لەسەر شان و قۆڵی (سیسیلیا)دا،
دەخلیسکان و
لەناو دوو دەستی پەمەییدا،
دەبوون بە پۆلێک پەپوولە.

شەوان، تا دەگەمە هوتێلی (بەڕە دوای)،
بەو رێژنە ماچانە شەلاڵ دەبم،
کە لە پەنجەرەی خانووە دە نهۆمەکانەوە
دەڕژێنە سەر شووستە.





پاکەوانەکانی تیرانا..
سبەینان، بە گەسکی کازیوە
شەقامەکانی ژوان دەماڵن.
سەبەتەکانی زەردەپەڕ،
پڕ دەکەن
لە زەنگیانەی ماچ.

ژنەکانی تیرانا..
گوڵ دەفرۆشن.
پیاوەکانی تیرانا، تریاک.
ژنەکانی تیرانا، دڵ دەدزن.
پیاوەکانی تیرانا،
پووڵ.





لە تیرانا..
چاوم لەبەر پەنجەرەی زیندانییەک
بەجێ هێشت.
دەستم لەسەر شانی گۆرانییەک.
لێوم لەسەر ناوکی ژنێک.

ژنەکانی تیرانا..

لە ئاو تەنکترن.

لە ئاو سەوزترن.

لە ئاو رووتترن.

........................................

تیرانا: پێتەختی ئەلبانیا.





## وَ لصومِ غَدٍ نَويتُ

کۆیە: ٢٠٠٧

تفەنگێکم بە تاریکییەوە نەناوە.
بە مێرووڵەیەکی موزعجم نەگوتووە بەلاقمدا هەڵمەگەڕێ.
پێش باران بە وەرزێک،
بەسەر تەرمی گەڵای رژاودا، گێڕاومە گەرمەشین.
گوێم لە زریکەی ژنێک بوو بێت،
دووپشک بەسەر دڵیەوەی داوم.
بەردێک لە چۆڵەکەیەک گیرا بێت،
من کەللەسەری خۆم داوەتە بەر.





دڵم نەهاتووە سبەینەیەک،
بەنێو گژوگیای پاراودا قەدەمێک لێ بدەم.
ترساوم نەبادا،
ئەنگوستە شووشەییەکانی شەونم.
وردوخاش بکەم.
دەستم بۆ سینگی ژنێ نەبردووە،
گەر گۆی مەمکەکانی،
دەنووکیان لەناو لەپی نەدابم.

بەسەر شەختە و بەستەڵەکەدا خزیوم
هەردوو دەستم شکاون
بەڵام جنێوم نەداوە بە زستان.
باز، بەسەر شانی خەڵکی بوودڵەوە،
نیشتووەتەوە
کەچی بەبازێکم نەگوتووە،
دەک پەڕ و باڵت هەڵوەرێن.





فرمێسکم بەچاوی پەپوولەیەکەوە دیبێت،
ئاسوودەییم داوەتەبەر،
قرمژنی فیشەک.
دڵم پڕ سۆزترە لە سەردوولکەی عیشق.
مێزی داوەریم سپیترە،
لە باڵەفڕکەی بەفر.

ئەو دەمەی دێمە بەر دەمت، ئەی خوا
بن باڵم خاڵییە لە (کتێب).
پریاسکەم مسقالە زەڕەیەک، تاعەتی تیا نییە.
لەشەوی (لیلة القدرا) لە دەمەو مەغریبەوە،
چاوەکانی بڕیوەتە نووری ژن.
هەردوو دەستم لێوان لێون لە مەمک.
شەراب هاژە دەکات لە خوێنمدا.





نە چوومەتە کۆڕی زیکر
تا ڕدێنی خوێناویی دەروێش،
دەفێکی شەهید ببینم.
دوور بەدوور نەبێت مزگەوت و منارەم نەدیوە.
پەڕەیەکی مەصحەفی عوسمانم هەڵنەداوەتەوە.
ماچ، نەیهێشتووە ڕۆژوێک بگرم.
بە دەم فتارکردنەوەیەکەوە بڵێم.
"اللّهمَ لكَ الحمد
وبِكَ آمنت
وعلى رزقك أفطرت
وَلصومِ غدٍ نويت"

## لە باوەشی ترۆرستێکدا،
## ژنێکی
## رووت

کۆیە: ٢٠٠٧

ژنێک بەرووتی،
چووە ناو بانقێکەوە،
کلیلەکان بوون بە پرووشەی گزنگ.
قاسەکان هاتنەسەر گازەرەی پشت.





ژنێک بەرووتی،
چووە نێو باخچەیەکەوە..
چۆلەکەکان بەرووتی، گۆرانییان بۆی چڕی.
خونچەکان،
مەمکدانەکانیان فڕێ دا.





ژنێک بەرووتی،
بە ڕاستە شەقامێکی شاردا
تێ پەڕی.
فیکە لە دەمی پۆلیسی هاتوچۆدا،
بوو بە نوقڵ.








ژنێک بەرووتی،
چووە ناو مزگەوتێکی سیاحییەوە.
نوێژکەران،
وەک یاریی دۆمینیک،
بەسەر یەکتریدا ڕمان.

ژنێک بەرووتی،
چووە ناو کەرکووکی گڕەوە.
کورد و
عەرەب و
کلدۆ ئاشوور و
تورکمان،
بوون بە برا.





ژنێک بەرووتی،
چووە ناو هۆڵی پەڕلەمانەوە.
بێ ئەوەی کەس بگەڕێتەوە بۆ حزب،
سەد دەر سەد بەرووتی.
دەنگیان دا بەرووتی.

ژنێک بەرووتی،
چووە باوەشی ترۆرستێکەوە.
ترۆرست،
نارنجۆکەکانی فڕێ دا .
دەستی پڕ کردن لە مەمک.





ژنێک بەرووتی،
چووە ژوورێکی پڕ لەباروودەوە،
تفەنگ بوون بە شۆڕەبی.
مەخزەنی فیشەکیش،
بە شانەی ئاڵتوون

ژنێک بەرووتی،

چووە نێو قوتابخانەیەکی گشتییەوە.

کتێبە حیجاب پۆشەکان،

دەست بەجێ

مەقنە و مانتۆیان لەبەرخۆ دادڕی.





ژنێک بەرووتی،
چووە کۆنگرەی حیزبەوە.
حزب ئەژنۆی شکا.





ژنێک بەرووتی،
چووە ناو ڕووبارێکەوە.
ماسی و
قرژاڵ و
بۆقەکان،
لە ساتە وەختێکدا،
رەحەت بوون.

ژنێک بەرووتی،

چووە ناو مەشخەڵانی ئاگرەوە.

پشکۆ بەبڵێسە سوورەکانی گوت:

«یا نارْ کوني برداً وسلاماً»





## مزگەوت ماڵی خوایە

دیارییە بۆ:

سەعید دارائی، مینۆ نەسرەت، کامل نجاری

سەدان جار هاتم و لەدەرگەی ماڵەکەتم دا و

لەوێ نەبووی

ئەی لە کوێی خوای من

ئەی لە کوێی؟!

کەس نییە ئەوەندە ماڵەکەی چۆڵ بکات

کەس نییە!

بێم لە کوێ بتبینم

بە پەلەم خوای من؟

بۆ ناگەڕێیتەوە ماڵ.
چووی چ تۆفانێک هێمن کەیتەوە.
نێڵەنێڵی کام دۆزەخ بخەوێنیت.
لە سەرەمەرگا دڵی کام نەخۆش بدەیتەوە.
لەسەر گۆڕی کام عەبدی شەهیدت،
بەکوڵ بگریت؟!





لەکوێی خوای من
لە کام باخچەی منداڵاندا،
بە نوور، چاوی تاریکی دەڕێژیت.
بووکەشووشە دەخەیتەوە ئامێزی منداڵی.
گیرفانی پەپوولە پڕ دەکەیتەوە لە نەستەلە.







سەدان جار هاتم و لەوێ نیت.

بۆ ئەوەندەماڵەکەت چۆڵ دەکەیت.

بەندەکان، خیانەتت لەگەڵدا دەکەن.

ئەی خوا.

ئەوان لە بڵند گوێ مزگەوتەکانەوە
روو دەکەنە ئێمەی بێ گوناھ و ھاوار دەکەن:
خوایە جەرگیان بسووتێنە.
خوایە منداڵەکانیان ھەتیو کە.
خوایە ژنەکانیان بێوەژن کە.





ئیدی ماڵەکەت چۆڵ مەکە خوای من
ئەوان لە ماڵی تۆوە،
لەشکر دەکەنە سەر جوانی.
دەست و پەڕەمووچی ھونەر،
شەلاڵی خوێن دەکەن.

شەرەفی گۆرانی دەشکێنن.
هەڕەشە لە پشکوتنی گوڵ دەکەن.
لووتی مەمک دەبڕن.





بە ئیمزا و مۆری تۆ،
کوشتنی کانی حەلال دەکەن.
نارنجۆک دەدەنە دەست منداڵی.
مەمکی ژنە زەیستان،
پڕ دەکەن لە دەرزی.

زوو فریاکەوە

عەبدە بۆگەنەکانت دەیانەوێ قێزەونت کەن.

دەست لە پشتی منداڵەکانمان دەدەن،

تا،

بەردەبارانت کەن.





مجێورەکانت پێمان دەڵێن:

خوا تۆقێنەرە و.. هیچی تر.

خوا ترۆرستە و.. هیچی تر.

خوا تاعونە و.. هیچی تر.

خوا جەحیمە و.. هیچی تر.





بگەڕێوە

بەرماڵ خڵتانی خوێنە.

میحراب چنراوە بە مردن.

لە نێوان هەموو دوو پەڕەیەکی قورئاندا،

شمشێرێکی خوێناوی.

لە نێوان هەموو دوو وشەیەکی قورئاندا،

مینێک.

له نێوان هەموو دوو پیتێکی قورئاندا

کەللە سەرێک.

درەنگە بگەڕێوە خوای من.

درەنگە.





## ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل بەشێکن لە جەستەی خودا!

سلێمانی: ٢٠٠٧

کیژەکانی قەندیل..
کڵۆی قەندن لەنێو کڵۆی بەفردا .
لەنێو شاباڵی هەڵفڕیندا، دیلن.
پۆلێک خاتوو زینن،
باڵای تفەنگیان لە باڵای کاکەمەم،
خۆشتر دەوێ.





خوویان داوەتە نارنجۆک..
مەمکە خورتەکانی خۆیان،
لەبیر چووەتەوە!
خوێنیان لە خوێنی شەهید
سوورترە.

کچە بەجەرگەکانی قەندیل..
بە ئاگر لێویان سوور دەکەن
دیدەیان بە بارووت دەڕێژن!
قژیان داوەتە دەست ڕەشەبا.
لە نێو هەگبەیاندا،
تەنیا
یەک شانە.
شانەی تفەنگ.





هەناسەیان، تەمێکی چڕە لە پەلکەزێڕینە.
لەبەر پشتیاندا،
خەنجەرێک و چڵێک عیشق،
شەلاڵ لە بۆنی (نەهری).
کە شوێنپێیان لەسەر سینگی بەفر
جێ دەهێڵن،
دەبن بەسەدان ئینجانەی
گوڵەمێخەکی ئومێد.

ژنە پاکیزەکانی قەندیل..
ژیلەمۆی ژێر کەوییە بەفرن.
دڵی ئەو ڕووبارانە دەدەنەوە،
کە زریان خوێنی کردوون بە شەختە.
کاتێ ڕەوە ڕەوە،
لە نێو ئەشکەوتی خەباتدا، دێنە دەرێ،
کەڵەکێوی حەیرانیان دەبن.
ئەوان لەتێکن لە جەستەی خودا.





ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل..
تیشک لە ئاسۆ دەڕننەوە.
گوڵە سوورەکانی بن بەفر چەپک دەکەن.
هاکا.. گەردی بەیانییەک،
بە سەبەتەی گوڵ و ڕووناکییەوە
ڕژانە سەر،
شەقامە خەمگینەکانی ئامەد.

## کارتی سپی

باوکم ئەحمەد بوو، ناوی فیکرم دێ
خەڵکی لادێ بوو، دایکی من فاتێ.
حاجی قادر

بۆ: فازل شەوڕۆ

سلێمانی، ٢٠٠٧





من و هاوسەرەکەم کۆیین..
بەیانیان بە ئاوی دوکان.
بە سابوونی ڕەقی سووری.
بە لیفکەی شارەزووری.
بە شامپۆی فەرەنسایی،
خۆمان دەشۆین.

بەرچاییمان،

کولێرە بەڕۆنی سلێمانی.

ماستی هەولێر.

گوێزی هەورامان.

هەنگوینی قەندیل.

هێلکەی بەرازیلی.





من قات و کەرەواتێکی تورکی

پێڵاوێکی ئیتالی، لە پێ دەکەم.

ئەو، دەستەجلێکی کۆنە دەکاتە بەر.

کە ڕەنگە؛

هی ژنە میرێکی بەریتانی بوو بێت

ئەو بە درومانی خەیاتەکانی شار،

قایل نییە.

بە سواری مارسدسێکی ئەڵەمانی
لە گەراج دەردەچین.
پاکەوانە بەنگلادیشییەکان،
وەک پۆلێک ڕیشۆڵە
بە پۆشاکی گەڵامێوەوە،
رژاونەتە سەر شەقامەکان





ئەو، ئەندازیاری کشتوکاڵییە
لە فەرمانگەی ڤێرتەرنەری دادەبەزێت.
منیش دادوەرم،
لە پاش سڵاوی پۆلیس
کە زرمە لە قۆنداغی کلاشنکۆفێکی ڕوسییەوە
هەڵدەستێنێت،
خۆم دەکەم بە خانەی (داد)دا
کە بەڵێندەرێکی بەسرایی
دروستی کردووە.

بە ڕۆبێکی ڕەش ڕەشی لێوار سپییەوە
لە پشت مێزی دادوەریدا، دادەنیشم.
پەپوولەیەک،
لە لای تەنیشتی چەپمەوە هەڵدەنیشێ.
قەڵەم لە پەنجەیدا، کەڵەنێرگزێکە،
عەتر دەبەخشێتە دەروون.
دەست و خەتی، حەرف و ڕستەیەکن
لە بارانی ئاڵتوون.
سیمای پڕە لە نوور
چاوەکانی پڕن لە شەرابەن تەهوور
دەنگی پڕە لە گۆرانیی بەهەشت
رۆحی پڕە لە میهرەبانی.
کەچی باوەشی لێوانلێوە:
لە ناسنامەی تاوانبار
لە فایلی خوێناوی
لە چەقۆی بریندار.





نیوەرۆیانیش، کە بەرەو ماڵ دەبینەوە..
ئەو، باسی وشکەساڵی،
ئەنفلۆوەنزای باڵندە و
بەنداوی دەربەندیخانم بۆ دەکات.

ئەو دەڵێ:

لە بازاڕی سلێمانیدا،

تووری خۆماڵی لە مۆزی صۆماڵی گرانترە

شەکری وردە لە چەوەندەری کانی کوردە هەرزانترە.

ئەو دەڵێ: جوتیارەکان،

کران بە عەسکەر لە بەغدا.

شوانەکان بوون بە حەرەس حدوود

لە مونزرییە.

تەرمی کشتوکاڵی جوانەمەرگیشیان،

لە ئاڵایەکی پایزی وەرپێچا و

بردیانەوە بۆ حەویجە.





منیش باسی:

– مێرمنداڵێکی دەست بە کەلەپچە

کە هاندێکی موبایلی دزیوە.

– ژمارەی ئەو فیشەکانەی کە بەسینگی

کچێکی عاشقی پاکیزەوەن.

– کارگوزارێک، لە قەفەسی ئیتهامدا،

گوایە لە پرسگەی خەستەخانەیەکدا

پێنج دیناری سویسریی بەرتیل وەرگرتووە.

من بە ژنەکەم دەڵێم:
تۆڕی عەدالەت،
پێچەوانەی تۆڕی ماسی
هەر گوناهبارە بچکۆلەکانی
پێوە دەبن.





ماشێنەکەمان فول دەکەین،
لە بەنزینی دۆرە.
یان لە لۆقنتەی قەدووری نان دەخۆین
یان نەفەرێک،
کەبابی وەستا گوروون دەبەینەوە.

دەچینە لای دوکاندارێکی کانێسکانی
بەستارخانەیەکی چینیی کەپوو پانەوە،
پێشوازیمان لێ دەکات:
شینگ،
پینگ!
پۆنگ،
کیلۆیەک پیازی میسری.
شەکری ئیماراتی
سێوی ئەمەریکایی
چای سریلانکیی
لێ دەکڕین.





لەوبەر جادەکەوە،
داپیرەیەکی مەلکەندی، سەر بەسرکەیی.
کۆڵوانە لەکۆڵ
روو دەکاتە کچەزاکەی،
کە شەپقەیەکی مەکسیکیی لە سەردایە.
سواری پایسکلێکی هۆڵەندی بووە:
کاک ئەحمەدی شێخ دەست بە عەمرتەوە بگرێ،
هێواش لێ خوڕە!
کوڕیژگەکەش بەدەم پەیدەر لێدانەوە:
ok
نەنە گیان
bye

چوار ڕۆژنامە دەکڕین..

١– هاوڵاتی: کورد و جاسوسگەرایی.

٢– خەبات: لە دامودەزگاکانی هەرێمدا ئاڵای بەعس هەڵناکەین.

٣– چاودێر: لە سنووری مەریوان– باشاخدا مەفرەزەیەکی ئەنسارول ئیسلام دزە دەکەن.

٤– کوردستانی نوێ: –بەچەکی سپی–

لەیەک سینەدا،

ریفۆرم:

شەڕی مەمکی چەپە

لەگەڵ مەمکی ڕاستدا.





من لە باوەشی حاجی قادر گەورە بووم..

تا وشەیەکی پەتی دەدۆزمەوە.

بەر پشتی هەموو فەرهەنگەکان دەگەڕێم.

کەچی ئەو،

لەسەر خوانی (المعري) پەروەردە بووە.

ئاوا باسی ڕووەک دەکات:

"ئەو نەباتە زیلّلییە

جزووری ئەوەندە ڕەقیقە

لە توربەی ڕەملی نەبێت،

تەشەعوب ناکات."

سەر و سەکسوکەی من،
قەندیلە.
سپی
سپی
دەبریقێتەوە.
قژی ئەو قەرسیلی خەنەیە،
خورمایی
خورمایی
کەرویشکە دەکات.





سێ ساڵە،
داپیرە و باپیرەین
نەوەکانمان بەلیک،
روومەتی گەنمیی ئەو تەڕ دەکەن.
تا لە گوڵێک بچێت،
پڕاو بە خوناو.
وەک سمبۆرەش،
بە قەد و لقی شیعری مندا
هەڵدەگەڕێن.
گەمە بە کاکڵە گوێزی وێنە،
شەڕ بە وشکە بەڕووی وشە
دەفرۆشن.

لەسەر سینگی هاوسەرەکەمدا،
دوو کۆتر دەیانخوێند.
لەسەر یەک ڕەحلەدا دادەنیشتن.
پشیلەیەکی ڕەش، کۆترێکی لێ فڕاند.
کۆتری دەستە چەپ دەپرسێ:
کوا هاوڕێکەی دەستە راستم؟
هەر جارە وەڵامێکی دەداتەوە:
– نەقل بووە بۆ قوتابخانەیەکی تر.
– لە بن کەپرەکانی سەرگەڵوودا خەوتووە.
– چووە بۆ کڕینی ستیان.
– لە بنکەیەکی دەنگداندا، کارتی سپی
دەخاتە سندووقەوە.





# بەرد و دوعا

هەولێر، سلێمانی

٢٠٠٧

پیر گوتی:
جوانترین بەرد ئەو گاشە بەردانەن،
کە لە فیچقەی خوێنی دوعاکاندا سوور دەبن.
پیر گوتی:
پیرۆزترین بەرد ئەو (بەردە ڕەش)انەن،
کە لە کەللەسەری دوعاکاندا وردوخاش دەبن.
پیر گوتی:
سەنگینترین بەرد ئەو گاشە بەردانەن،
کە بۆ گۆڕی دوعاکان دەیانکەن بە کێل.





دوعا گوتی:
ئێوە بەرد لە تەیرەن ئەبابیلە دەخوازنەوە،
تا رەوە پۆڕی جوانیی پێ رەجم کەن.
بەرد لە مەرقەدی چاک و پیران قەرز دەکەن،
تا گڵۆپی کۆڵانەکانی عیشقی پێ بشکێنن.

ئێوە بەرد دەخەنە هەموو کانیلەیەک،
کاتێ تیایدا مانگ، ڕووت دەبێتەوە!
بەرد دەگرنە لق و پۆپی هەر دارتووێک،
کاتێ دووگیان دەبێ بە شیرینی!
بەرد داوێنە نێڵەنێڵی هەر چرایەک،
کاتێ شەڵاڵ دەبێ لە بینین.





دار لاستیکەکانیان، پڕن لەبەرد
هەڵفڕین دەکوژن.
قۆچەقانییەکانتان، پڕن لەبەرد
هۆشیاری دەکوژن.
چنگتان، پڕە لەبەرد،
ئارامی دەکوژن.

قەڵاتی ئازادی دەڕووخێنن، بەرد دەدزن.

باڵەخانەی یەکسانی کاول دەکەن، بەرد دەدزن.

تەلاری مافی مرۆڤ وێران دەکەن، بەرد دەدزن.





بە بەرد، هێللانەی فیمینستەکانی تێک دەدەن.

بە بەرد، باوەش و بووکەشووشە دەتۆقێنن.

بە بەرد، شووشەی شەرەفی دوعاکان دەشکێنن.

ئێوە بەرد دەکەن بە دەستاڕ و
مەمکی دوعاکانی پێ دەهاڕن.
ئێوە بەرد دەکەن بە ئاون و
دڵی دوعاکانی پێ دەکوتن.
ئێوە بەرد دەکەن بە باگردان و
چاوی دوعاکانی پێ دەگێڕن.





دوعا دەڵێ:
ئەو دەمەی بەردتان خۆش دەوێ،
کە شارە زەنگەسوورەیەکی پێ هار دەکەن.
کە باڵی چۆلەکەیەکی پێ هەلاج دەکەن.
ئەو دەمەی بەردتان خۆش دەوێ،
کە گەردنی گوڵێکی پێ لار دەکەنەوە.

ئێوە پڕن لە کەڵەکە بەرد..
ئاتەشگەکان، پڕن لە بەرد
کڵێساکان، پڕن لە بەرد
مزگەوتەکان، پڕن لە بەرد
دیوەخانەکان، پڕن لە بەرد
گیرفانی میر، پڕن لە بەرد.





دیوارێکی بڵند لە بەرد هەڵدێنم
تا ئیتر،
پێغەمبەرێکم لێوە دیار نەبێت،
دیوارێکی بڵند لە بەرد هەڵدێنم،
تا ئیتر،
کتێبێکی پیرۆزم لێوە دیار نەبێت،
دیوارێکی بڵند لە بەرد هەڵدێنم
تا ئیتر
خودایەکم لێوە دیار نەبێت.





بەردێک، لەسەر سینگی دوعا هەڵدەگرم و
دەیکێشم بە سەلیبی کڵێساکان.
بەردێک، لەسەر دڵی دوعا هەڵدەگرم و
دەیکێشم بە منارەی مزگەوتەکان.
بەردێک لەسەر سەری دوعا هەڵدەگرم و
دەیکێشم بە پەنجەرەی حوجرەی میر.





"ئەمن دوعایەکی دەکەم ئەنگۆ بڵێن ئامین":
هەر کەسانەکی تاڵێک قژی خاوی
دوعایان ئالۆسکاندووە،
قژی دوعا ببێت بە پەتێکی خنکێنەر و
بچێتە گەردنیانەوە.
هەر کەسانەکی لەقەیەکیان لە جەستەی پاکیزەی
دوعا داوە،
خەنجەری شێرپەنجەیان بەر جەرگ و هەناوی کەوێ.
هەر کەسانەکی بەردێکیان بەسەر سەری پڕ لە سەروەریی
دوعادا کێشاوە،
گورچیلەیان پڕ بێ لە پلووکە بەردی ژەهر.



بەر (ماڵ)ی گوڵ چۆڵ،

هەموومان باوەشمان کردووەتەوە بۆ چەقۆ،

گالەریی پەپوولە چۆڵ،

هەموومان دەستمان راخستووە بۆ زریان.

صاڵۆنی دوعا چۆڵ،

هەموومان سەرەمان گرتووە بۆ بەرد.





لەوێ لە (بەعشیقە)،
دڵی پیاوێک خاڵی نییە لە رق.
لەوێ لە بەعشیقە،
چاوی پیاوێک خاڵی نییە لە خوێن.
لەوێ لە بەعشیقە،
دەستی پیاوێک خاڵی نییە لە بەرد.





ئەی خاک،

ئەم رقەمان لێ بستێنەوە و

ئەستێرەمان بەرێ.

ئەم خوێنەمان لێ بستێنەوە و

زەیتوونمان بەرێ.

ئەم بەردانەمان لێ بستێنەوە و

عیشقمان بەرێ.





## مەولەوی

## شووشە بە پەنجەرەی شیعر دەگرێتەوە!

«ئەم قەسیدەیە لەگەڵ قەسیدەی
– مزگەوت ماڵی خوایەدا جمکن»

سلێمانی – ٢٠٠٧

«مامۆستا حوسەین میسری سیناریۆی بۆ
نووسیوە و وەک دەقی شانۆ دەری هێناوە و لە
مزگەوتی قازی محەمەد لە سلێمانی نمایش
کراوە و خۆشم دەورم تیادا دیوە»

١

بێم لەوێی هەڵەبجە
لەوێی بێم
لەوێی؟
یا بەدیار وشکبوونەوەی بارانەوە
تەڕ تەڕ سەفەر دەکەیت؟





٢

بێم لەوێی هەڵەبجە
بێم لەوێی
بێم؟!
با لە کاروانسەرای مەرگدا،
بە کاروانچییە دەمامکدارەکان دەڵێ:
"تکایە ئەم بارە سێوانە دامەگرن"

٣

بێم لەوێی هەڵەبجە
لەوێی هەڵەبجە
لەوێی بێم؟
ئێستاش دارەمەیتەکانت هەر بەسەر شانەوەن؟
لە ناشتنی تەرمی گەلاکان هەر نەبوویتەوە؟
بەخوێن نووسینی کێلەکان، کۆتاییيان هەر نەهات؟
ئێستاش هەر، "قازان قەتاران، قولینگان هەوایی"؟





٤

هەڵەبجە بێم لەوێی
لەوێی بێم
بێم لەوێی؟
یا سەرقاڵی جیاکردنەوەی
ئەسپی شەهید و
پشیلەی شەهید و
سمبۆرەی شەهیدیت؟
یا سەرقاڵی تێکەڵکردنەوەی،
کانیی دابڕاو و... ڕووباریت؟
گەلای هەڵوەریو و... درەختیت؟
شاباڵی هەڵفرین و... ئاسمانیت؟

٥

بێم لەوێی هەڵەبجە

لەوێی

لەوێی بێم.

یا دەنووکی چۆلەکەیەک پڕ دەکەیتەوە

لە فووی ئومێد.

هەڵەبجە لەوێ؟

یا لە نەخۆشخانەیەکی نەخۆشدا،

ڕۆح

دەچۆڕێنیتەوە لەشی سمبۆرەیەک

کە لە ڕۆژی ژەهرەوە،

نەیپرژاوەتە ماچکردنی

گەردنی گوێزێک؟





٦

لەوێی بێم هەڵەبجە

لەوێی بێم

بێم لەوێی؟

ئەی لە کوێی کەسەکەم؟

چاویلکە دابەش دەکەی

یا دارشەق؟

یان پێنج هەزار شەتڵی تەنیایی

دەچێنیت؟

٧

هەڵەبجە لەوێی

لەوێی هەڵەبجە

بێم لەوێی؟

یا سەرگەرمی،

ژیرکردنەوەی گریانی، لە باوەشی دووکەڵدا

خڕکردنەوەی خۆڵەمێشی ڕەشکێنەی،

لە چاوی ئاگرداندا؟

لێکردنەوەی گەردنی هەناریت،

لە پەتی سێودا؟





٨

چی دەکەی هەڵەبجە

لەوێی بێم

بێم لەوێی؟

یا ئاوی لێڵکراوی کانیلەکان دەپاڵێویت؟

تۆز لە یاڵی ئەسپە شەکەتەکان دادەتەکێنیت؟

یا بەسروەی هەناسەی عەنبەر خاتوون،

گەڵا

گەڵا

درەختەکان پاک دەکەیتەوە لە ژەهر؟

٩

بەچییەوە خەریکە هەڵەبجە..

لەوێی بێم

بێم لەوێی؟

یا لەگەڵ مەولەویدا،

شووشە لە پەنجەرەی شیعر دەگریتەوە؟

ڕەحلەکانی مەکتەب ریز دەکەیتەوە؟

تەختەرەش بە دیوارا دادەکوتیتەوە؟

تەبەشیر دەدەیتەوە دەستی مامۆستا؟





١٠

بێم لەوێی هەڵەبجە

لەوێی بێم

بێم لەوێی؟

یا لە قەراغ ڕووبارێکدا، کز کز دانیشتووی و

ترس لە ماسییە زراو ڕژاوەکان دەردەکەیت؟

ڕووناکی بە قرژاڵە کوێرەکان دەبەخشیتەوە؟

بۆقە لاڵبووەکان، فێرە گۆرانی دەکەیتەوە.

١١

بێم لەوێی
لەوێی بێم هەڵەبجە
بێم لەوێی؟
نا خۆت هیلاک مەکە،
بەنزای فرمێسک و
بەگریانی گەرم،
عومەری خاوەر و کۆرپەکەی
لە ئامێزی یەکتریدا ناترازێن،
بە گوێم بکە،
لە تاکە گۆڕێکدا بیاننێژە
هەڵەبجە.





١٢

سەیرکە هەڵەبجە
هەڵەبجە سەیرکە...
ئێستا لە شانەی رێکخستنی یەک حیزبدا،
دوو شەهید بەیەکەوە دانوویان ناکوڵێ
ئێستا لە رووباری یەک حیزبدا،
جەللاد و شەهید،
بە یەکەوە ئاو دەخۆنەوە.

١٣

چی کۆ دەکەیتەوە هەڵەبجە

چی کۆ دەکەیتەوە

چی؟

بۆ ئینسانییەتی کەڕ، پێنج هەزار هاوار؟

بۆ ئیسلامەتیی کوێر، پێنج هەزار مەصحەفی سووتاو؟

بۆ دەسەڵاتی بۆنەکەر، پێنج هەزار گوڵی برین؟

چی کۆ دەکەیتەوە

چی؟





١٤

بێم لەوێی هەڵەبجە

لەوێ بێم

بێم لەوێی؟

دەزانم لانکێکت دۆزیوەتەوە، کۆرپەکەیت لێ ونە.

دەزانم گۆچانێکت دۆزیوەتەوە، دەستەکەیت لێ ونە

دەزانم گەردانەیەکت دۆزیوەتەوە، گەردنەکەیت لێ ونە.

١٥

بێم لەوێی هەڵەبجە

لەوێ بێم

هەڵەبجە لەوێی؟

یا بە نیازیت،

بە بەرماڵی برینەوە سەر لە خوا بدەیت؟

هێقەی پێغەمبەران ڕاتەکێنیت؟

بە فریشتەکانی شەڕی بەدر بڵێی:

بۆ لە (٣/١٦)دا فریای،

منداڵە موسلمانەکانی من نەکەوتن؟





١٦

بێم لەوێی دڵەکەم

لەوێی بێم

بێم لەوێی؟

یا بەدیار شەهیدبوونی نێرگزی ژیانەوە

دەستت کردووەتە ملی تەنیایی و

ژەهر دەکێشیت؟

بێم لەوێی کەسەکەم

بێم لەوێی

بێم؟

# دەرپێی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە

کۆیە، سلێمانی

٢٠٠٧

## کارگوزار

بەر لە کارگوزار،

بەفر گەیشتە باخچەی منداڵان.

بەزوقم،

لەسەر دەرگاکەی نووسی:

"ئەمڕۆ دەوام نییە"





**سەکسووکە**

کزەبایەک،

دەموچاوی بارانی تەزاند و

سەر و ڕیشی سپی کرد.











**ڤیژە**

لەسەر سووچی کۆڵانەکەماندا،
گوێم لە زریکەی ژنێ بوو.
کە لە پەنجەرەوە سەیرم کرد،
رەشەبا بوو،
بەقژ بەفری رادەکێشا

## ریشۆڵە

که بەفر دادەبەزێتە شار

مەفرەزەیەک ریشۆڵە

پاسەوانیی دەکەن.





## خەون

بەفر دەبارێ...

گەرم

گەرم

کلۆیەک لێو.

کلۆیەک مەمک!

**کانی**

ئەستێرەیەک،

لەسەر شەختەی کانیلەیەکدا

هەڵخلیسکا و

دەستی شکا.





## شان و مل

مانگ،
بە دەست و پەنجەی تریفە
سەر و پرچ و
شان و ملی،
لە بەفر دادەتەکێنێت.





## تیشک

هەموو گەردی بەیانییەک،
خۆر،
لە بەفری سەرکەلەوە گلۆر دەبێتەوە
بەر پەنجەرەی،
ماڵە سەرما بردووەکانی شار.



## ئاگردان

بەم نیوەشەوە، بەفر
لە پەنجەرە و دەرگا دەدات،
گەرەکیەتی،
دەست و پەنجەی تەزیوی
لەبەر پشکۆی مەمکی ژنێکدا،
گەرم بکاتەوە.





**میوە**

هەرکە کڵۆیەک بەفرت خوارد،
ناوکە پشکۆکەی
فڕێ بدە ئاگردانەوە.





**ئاوێنە**

وەختی بەفر،
لەبەر دەم ئاوێنەیەکدا
خۆی رووت کردەوە،
ژنێک بوو لە هەڵم.

**دەستڕێژ**

خۆر،

تەقە لە بەفر دەکات!

بەفر بە زامداری

بەشەلەشەل،

پەنا دەباتەوە بۆ شاخ.





**پەنجەرە**

خۆر،

دوگمە سپییەکانی بەفر دەکاتەوە و

مەمکە سەوزەکانی دەخاتە بەر،

پەنجەرەی با.

**سوور**

بەفر هەمیشە،
سپی
سپی..
ئەو بەفرە نەبێت
بەسەر قەندیلدا دەبارێت.





**چلوورە**

(با)، بەجانتای تۆف
بە کتێبی شەختە.
بە چەند قەڵەمێکی چلوورەوە
دەچێتەوە مەکتەب.

## داچۆڕان

باران، دەمی خستە ناو دەمی بەفر
-با- مەمکەکانی کوشی.
ناوگەڵی بەفر،
تەڕ
تەڕ.





**بازگە**

پێش ئەوەی بگاتە شار..

پێشمەرگەیەک.

فریشتەی بەفری پشکنی.

مەمکبەندی پڕ لە گوڵ.

دەرپێی پڕ لە ریشۆڵە.





## کۆچی نان

١٠-٢٠/١٠

"قەسیدەیەکی تایبەتە بۆ کەسێکی تایبەت"

سلێمانی، ٢٠٠٧

«تۆم لەو رووبارە بەخوڕە خۆشتر دەوێ، کە بەردەوام مەلەی شێتانەی تێدا دەکەم، ئەی سەراب»

**ق**

دوای ئاوابوونی باڵات..

هەموو ژنەکانی شار،

کەمئەندام و

قەزەمن.



**و**

گۆیژە،

لەسەر چۆک کەوتووە..

کەی هەڵی دەستێنیتەوە؟





**ب**

سەفەری تۆ بارانی تەور بوو..

باڵای هەموو،

چنارەکانی سەرچناری

بڕیەوە.





## آ

دوای ماڵئاواییت..
نە مێوەکەتانترێی گرت.
نە ژاڵەکەتان گوڵ و
نە من ئارامی.





## د

کە بەبەردەم ماڵەکەتاندا رەت دەبم،
ژاڵەکەی پێش دەرگاکەتان
دێتە پێشوازیم.
تا ئەوسەری کۆڵانەکەش
بە چاوی پڕ لە گریانەوە
بەڕێم دەخات.

## ی

شەو،
کە ژاڵە زەرد هەڵگەڕاوەکەتان
بە کوڵ دەگری.
دار مێوەکە دەستی بەزەیی،
بەسەریدا دادەهێنێ
تا ژیری بکاتەوە.





## ج

نیوەشەوێک،
شیعرێکی سەرخۆشم
لە دەرگای ماڵەکەتانی دا.
کفن لەبەرێک پێی گوتم:
"باریان کردووە
بۆ گەڕەکی مردن"

**ه**

هەموو ڕەنگە گەرمەکانت،
خستە ناو جانتای سەفەر.
ئێستا شار،
پڕە لە خۆڵەمێشی ژن.





**ل**

دوو دەستەکەی، فولکەی دەستەکە،
کە زانییان کوێر بووم
دەستم دەگرن و
بەشوێن پێ پیرۆزەکانی تۆ
بە شەقامەکەدا،
دەمپەڕێننەوە.









**ی**

دووای تۆ،

پاسی گەڕەکەکەتان

پڕە لە نەفەری برین

پڕە لە نەفەری مێش.

**ز**

شەقامی زانکۆ،
لە تاتەشۆر دەچێت.





**آ**

پیر بووم پیر...
فرمێسکم کردووە بە گۆچان.
بە لێواری مردندا،
وڕێنە دەکەم.



**د**

هەنووکە من،

لە قوتوویەکی بەتاڵی بیرە دەچم.

کە لە ژێر تایەی ئۆتۆمبیلێکدا

پان بووبێتەوە.





### ه

هەموو شتێکم لەدەست دا
تەنانەت،
سەروەریش.





## شەڕی مانا

هەولێر ۲۰۰۸

### شەڕ

سواری ئەسپی سێو دەبم...
جڵەوی قافیە،
شمشێری وەزن دەگرمە دەست.
شەڕی ئەو فۆرمانە دەکەم،
کە مانا زیندانی دەکەن.



**وێنە**

لەناو کتێبدا دەنووم...

سەر بە وەنەوزی وشە دەکەم.

ڕستەی خەون دەدەم بە خۆمدا.

لەگەڵ بێ تاقەتی پیتدا.

گەمان دەکەم.

هەردوو پێم دەخەمە ناو،

جۆگەلەی وێنە.





**باليف**

که ڕانی خەمێک نەبوو

سەری پێ کەم،

سەر بەتۆ دەکەم،

ئەی سەرینی وردە شووشە.











**قەسیدە**

ماچ،

دەستنووسی قەسیدەیەکی گەرمە

لێو دەینووسێت.







**نەیزەک**

عیشق وەک نەیزەک وایە؟

نەماڵی هەیە

نە گۆڕ.

**مانا**

بەسەر پشتی کتێبێکەوە،
کانیلەیەک لە مانا
دەگوازمەوە کێڵگەی زمان.





**هیچ**

جارێک،
لەسەر دیواری –با–دا
نووسیم:
"هیچ
لەسەر دیواری بادا
نانووسرێت."

## قاهیره

قاهیره ٢٠٠٨

**خەو**

دەریای سپی لەسەر پشت نووستووە..

ژنێکی نیوە رووت،

بە پەنجە پەمەییەکانی پێی،

خەبەری دەکاتەوە.





**ژن**

تا ئەو دەمەی، قەراغ
لێوانلێو دەبێ لە ڕووتی،
دەریا پڕە
لە ماسیی تەنیایی.





## فیشەک

دەریا بریندارە...

قەراغ، پڕ لەشوێن پێ.

پڕ لە قەوانە فیشەک.





## مەد

زەوی:

کە مانگ خۆی رووت دەکاتەوە،

دەریاکانم

ئاویان لەسەر دەڕژێ.

## کەف

دەریا،
تووشی پەرکەم بووە.





## دەریای سپی

هەردوو کەنار،
دوو ژنی ڕاکشاون لە لمی ئەسمەر.
نەخشاو بەماچی پێ.

**هەڕەم**

چیایەک،

لە کەللەسەری مرۆڤ.

لە حیلەی ئەسپی شەهید.





**نەفەرتیتی**

بە ئەنگوستی ڕەش و چڵکنی قاهیرەوە،

نەفەرتیتی

موستیلەیەک لە خۆڵ.

بە گەردنی سپیی لووسی سلێمانیشەوە،

ڤان،

ملوانکەیەکە لە ئەڵماس.

## گەردانە

لە گەردنی نەفەرتیتی،
ملوانکەیەکی مەرجانم دزی.
فیرعەونەکان،
بەسواری هەڕەمەوە
سەریان لە دوونام.





## نیل

کەسەرێکی شەکەتی سەر بەرەو ژوور–
بەژن شین
چاو ڕەش.
کەنارەکانی سپی دەچنەوە،
لە ئازارەکانی پەموو.